Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستان

**نەوزاد سدیق محەمەد**

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** nozadsm@spu.edu.iq

**کامل عمر سلیمان**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Kamil.sleman@univsul.edu.iq

**پوختە**

هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیا بوەتە دیاردە. ئاسانی بەکارهێنانو ژینگەی پڕ لەتەنگژەی سیاسییو کۆمەلایەتیو کەلێنی یاساییو مامەڵەنەکردنی پیشەییانەی ژمارەیەک لە رۆژنامەنوسان لەگەڵ چەندین فاکتەر بوەتەهۆی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە. سەرەڕای ئەوەی هەواڵی ساختە زادەی تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندنی زانیاریی نییە بەڵکو لەسەرەتای بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ شەڕی دەرونی و پروپاگەندەی سیاسیی، بڵاوکردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆری ساختە بەشێکی گرنگی ئەو پروپاگەندە سیاسییە بوە، لەمڕۆدا بەهۆی ئاسانی دەستڕاگەیشتن بەسۆشیال میدیا، سەکۆ ئۆنلاینەکان بونەتە ئامرازێکی سەرەکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە. باشوری کوردستان بەهۆی کرانەوەی بە روی تەکنەلۆژیای پەیوندیکردنو ئەو نیمچە ئازادییەی لەکاری رۆژنامەگەرییو کاری حزبیدا هەیە بەدەرنییە لە دیاردەی هەواڵی ساختە کە لە دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا لەساڵی ٢٠١٦، جارێکی تر چەمکی هەواڵی ساختە (Fake news) بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی لێوەدەکرێت و لەو ساڵەوە ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی لەبارەوە کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا کەلە جۆری ئاشکراکردنە (Exploratory study) لەڕێی چاوپێکەوتن لە جۆری فۆکەس گروپ (Focus group interview) داتاکان کۆکراوەتەوەو بە سیماتیک ئەنالیزسیس (Thematic analysis) شیکراوەتەوە. ئەنجامەکان دەریدەخەن، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی بوەتە دیاردەیەکی بەربڵاو. ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرێنەوە بۆ مەرامی جۆراوجۆری سیاسیو ئابورییو زیادکردنی ئەکتیڤی پەیجەکانو پەرتکردنی سەرنجی بەکارهێنەرانە لەهەندێک بابەتی گەرمی رۆژانەو بۆ سەرقاڵکردنیانە بەهەندێک بابەتی ترەوە. بەگشتی ئەم جۆرە هەواڵانە لەڕێی پەیجو ئەکاونتی جۆراوجۆرو دروستکراو بەناوی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە. لەگەڵ زیاتر بڵاوبونەوەی دیاردەکەدا، هەندێک رێکار دەتوانرێت بگیرێتە بەر بۆ سنوردارکردنی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە. لەوانە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئاگاداركردنەوەی بەكارهێنەران لە هەواڵە ساختەكان لەڕێی دروستكردنی پەیجو ئەكاونتی دژەوە لەپاڵ ئاشكراكردنی سەرچاوەكانی ئەو جۆرە هەواڵانە.

**كلیلە وشەكان:** هەواڵی ساختە، سۆشیال میدیا ، تەنگژەی سیاسیی، هەرێمی كوردستان، چەواشەكاریی، بەرەنگاربوونەوە.

## ١- پێشەكی

هەواڵی ساختە، یەكێكە لەو دیاردە نادروستانەی نێو راگەیاندن لە دنیادا، كە بووەتە بابەتو پرسی جێی مشتومڕی رۆژنامەوانو دامەزراوەكانی راگەیاندنو كەسانی ئەكادیمی. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لەبواری رۆژنامەگەریدا كۆنە، بەڵام بەهۆی پێشكەوتنە بەردەوامەكانی تەكنەلۆژیاوەو سەرهەڵدانی كەناڵە جیاجیاكانی سۆشیال میدیاوە، شێوازو فۆرمو تەكنیكەكەی گۆڕاوەو كاریگەری زیاترەو بووەتە یەكێكە لە سیما دیارەكانی كاری چەواشەكاریی لەم سەردەمەدا.

لەهەرێمی كوردستانیشدا، بەهۆی ژینگەی بڵاوكردنەوەی هەواڵو زانیاریو ململانێی توندی حزبیو هەڵبژاردنو قەیرانە جۆراوجۆرەكانەوە، رۆژانە هەواڵی ساختە بڵاودەكرێتەوە، بەجۆرێك كە وەرگر متمانەی بە هەواڵو رۆژنامەنوسانو دامەزاروەكانی راگەیاندن لاواز دەبێت. بۆ زیاتر رونكاری لەسەر ئەم بابەتە كە تاچەند لە هەرێمی كوردستان بووەتە دیاردەو سیماو خەسڵەتەكانیو چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی، لەم توێژینەوەیەدا بەناونیشانی (هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیا)، شرۆڤەی ئەو بابەتە دەكرێت.

ئەو ژینگەی بڵاوكردنەوەی هەوالو زانیارییەی لەم چەند ساڵەی دوایی بەهۆی ئاسانی دەستڕاگەیشتن بەسۆشیال میدیای جۆراجۆر فەراهەم بوە لەگەڵ كێبڕكێی نادروستی حزبی لەباشووری كوردستان هۆكاری دەركەوتنی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەكی فراوان.. ئامانج لەبڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵانەش مەرامیی حزبییو كەسییە. بەم دواییانە تیشكێكی زۆر خرایە سەر هەواڵی ساختە دوای بەڕێوەچونی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكەی ئەمریكا لەساڵی ٢٠١٦، هەرچەندە كاریگەریی هەواڵی ساختە لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكە بەتەواوی روننەبۆتەوە بەڵام بڵاوكردنەوەی بەلێشاوی هەواڵی ساختە بوەتەهۆی دروستكردنی كەشێكی دڵەڕاوكێیو چەواشەكاریی.

## ٢- توێژینەوەکانی پێشووتر

### ٢-١: چەمکی هەواڵی ساختە

چەمکی هەواڵی ساختە نوێ نییە هەرچەندە لەئێستادا بووەتە وشەیەکی باو، پێناسەکردنی چەمکەکە لەئێستادا جیاوازە لەسەرەتای دەرکەوتنی. توێژینەوەکانی سەرەتا لەسەر هەواڵی ساختە، بۆ ناساندنی ناوەرۆکی جۆراوجۆری بابەتی ڕۆژنامەوانی ساتیری سیاسیو هەواڵی پرۆپاگەندەو هەواڵ هۆنینەوە بەکارهێنراوە لەکاتێکدا لەئێستادا بۆ ئاماژەدان بەچیرۆکە هەواڵی ناڕاست بەکاردەهێنرێت کە لەسۆشیال میدیاکان بڵاودەکرێنەوە . ئەوە لەکاتێکدا ئەم چەمکە بەخراپ بەکاردەهێنرێت بۆ بێبایەخکردنی ڕاپۆرتو هەواڵی ڕەخنەگرانەی هەندێک لەدامەزراوەکانی میدیا ئەوەش بوەتەهۆی ناڕونی ئەم چەمکەو ئاڵۆزکردنی گوتارەکان لەبارەی هەواڵی ساختەوە (Thorson, 2008).

هەواڵی ساختە (Fake news) واپێناسەکراوە هەواڵی ناراستەو دروستکراوەو بڵاوکراوەتەوە لەڕێی سۆشیال میدیاوە بەمەبەستی فریودانی خوێنەرو بیسەرو بینەر بۆ دەستکەوتی سیاسی یان دارایی (Pennycook et al., 2017). ئەوە لەکاتێکدا بەگوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد: فەیک ئاوەڵناوەو مانای ناڕاست و کۆپیکراوو ساختەکراو دەگەیەنێت. پێناسەیەکی هەواڵی ساختە ئەو زانیارییانەیە کە لەلایەن پەیجە وەهمییەکانەوە بڵاودەکرێتەوەو بەشێوەی هەواڵ داڕێژراوە (Thorson, 2008).

زاچ باستیک لای وایە هەواڵی ساختە ئەو هەواڵو زانیارییانەن کەبەمەبەستی چەواشەکاریی دادەڕێژرێنو بڵاودەکرێنەوە (Zach Bastick, 2021). پێناسەیەکی تری هەواڵی ساختە ئەو وتارە هەواڵانەیە پڕن لەزانیاری هەڵەو خوێنەران چەواشە دەکاتو دەکرێت نادروستی زانیارییەکان بسەلمێنرێت (Allcott and Gentzkow, 2017).

چەواشەکاری لەڕێی میدیاکانەوە کارێکی نوێ نییە بەڵکو لەگەڵ پەرەپێدانی یەکەم ڕێسای نوسین پەنای بۆ براوە(Marcus, 1993). ڕەنگە دیارترین نمونەی ئەو چەواشەکارییە درامای ڕادیۆی جەنگی جیهان بێت کە لەساڵی ١٩٣٨ لەرادیۆیەکی شاری نیویۆرکی ئەمریکا پەخش دەکراو لە ڕۆمانی (داگیرکردن لەهەسارەی مەریخ)ەوە ئامادەکرابوو بوەمایەی تۆقاندنی یەک ملیۆن گوێگر( Cantril, 2005).

گەرچی هەواڵی ساختە نمونەیەکە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕست بەڵام توێژەران لەچەند بوارێکدا توێژینەوەیان کردوە لەبارەی هەواڵی ساختەوە؛ لەوانە لە روی سایکۆلۆژیو زانستی کۆمپیوتەرو زانستی سیاسیو زۆرینەیان لە روانگەیەکی رۆژنامەنووسیەوە توێژینەوەیان لەبارەی ئەو جۆرە هەواڵە نوسیوە (Wardle, 2017).

لەئێستادا ژمارەی ئەوانەی پشت بە سۆشیال میدیا دەبەستن وەکو سەرچاوەی هەواڵو زانیاریی ڕۆژ بەرۆژ لەزیادبوندایە، بەجۆرێک ٦٠ لەسەدی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٤ ساڵیدایە لەبەریتانیا، سۆشیال میدیایان بەکارهێناوە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ( Watson, 2020). هەرچەندە ئەم پلاتفۆرمە ئۆنلاینە بوەتە کەناڵێکی نوێی چەواشەکاریی. بەجۆرێک سۆشیال


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

میدیا نەک بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی خێراکردوە بەڵکو بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاستی وەکو هەواڵی ساختە ئاسان کردوە. لەپاڵ ئەمەشدا بەکارهێنەران بەدەگمەن هەڵویستە دەکەن لەسەر ڕاستودروستی ئەو هەواڵو زانیارییانەی شێرو پۆستی دەکەن. هەرچەندە کۆلیاندێر (٢٠١٩) لەتوێژینەوەیەکدا گەیشتوە بەو ئەنجامەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا کەمتر ئەو چیرۆکە هەواڵە ساختانە بڵاودەکەنەوە کە لەکۆمێنتەکاندا ڕووبەڕوی ڕەخنە دەبنەوە بەهۆیانەوە (Colliander, 2019).

گرفتێکی تر لەوەدایە کاتێک پۆستێک زۆر لایکو شێر دەکرێتو کۆمێنتی لەسەر دەنوسرێت، زیاتر دەبێتە جێی بایەخی بەکارهێنەرانی سایتەکانی سۆشیال میدیاو بەمەش ژمارەی لایکو شێرکردنو کۆمێنت لەسەردانی زیاتر دەبێت(Thorson, 2008). سەبارەت بە سایتە ساختەکراوەکانیش بەگوێرەی توێژینەوەیەک دوجۆرن : "spoof sites" کە کۆپی سایتە ڕاستەقینەکانن یان "concocted sites" کە وێبسایتی خەڵەتێنەرنو وەکو سایتێکی بازرگانیو یاسایی و دەگمەن دەردەکەون (Abbasi et al., 2010).

## ٢-٢: هەڕەشەکانی هەواڵی ساختە

لەکاتێکدا هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی لەڕێی بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکارانەوە لەسەرانسەری جیهان (Bradshaw and Howard, 2018). حکومەتەکان ترسیان هەیە لەکاریگەریی نەرێنی هەواڵی ساختە لەسەر ئاستی بەشداریکردنی خەڵک لەپرۆسەی دەنگدانو توێژەرەکانیش ئەو ترسەیان خستوەتەڕوو .

هەواڵی ساختە هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسیو کۆمەڵگا (Bastick, 2021). ئەوە لەکاتێکدا مەرامەکانی پشت بڵاوکردنەوەی جۆراجۆرن. ئامانجێکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە کارکردنە لەپێناو برەودان بەدیدو بۆچوونێکی دیاریکراو یان بەدەرخستنی کەسانی دڵخواز (Allcott and Gentzkow, 2017). لەبەرامبەردا، باستیک لەتوێژینەوەیەکدا ئەوەی خستوەتەڕوو بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لەڕێی ڕوانگەیەکی ئۆنلاینەوە بۆ مەرامی سیاسیو دەستکەوتنی داراییە (Bastick, 2021).

کاریگەریی هەواڵی چەواشەکاریی زیان دەگەیەنێت بەکۆمەڵگا لەهەموو ڕویەکەوە. بەشێک لە توێژینەوەکان دەریانخستوە ئەم جۆرە هەواڵانە بونەتە هۆی کەمبونەوەی بایەخدانی خەڵک لەولاتانی جیهان بەبەستنی ماسکو پابەندبوون بە دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی (Mattiuzzi and Lippi, 2020).

باستیک لەتوێژینەوەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە کاریگەریی هەواڵی ساختە لەسەر هەڵسوکەوت بەجۆرێکە کە گوێگرتنو خوێندنەوەی ئەو جۆرە هەواڵە تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت (٥ خولەک) کاریگەریی دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی ناهۆشیارانە گەرچی تائێستا نازانرێت ئەو کاریگەرییە لەمامەڵەکردنی ڕۆژانەی تاکەکاندا زۆر ڕەنگدەداتەوە یان کەم (Bastick, 2021). ئەوە لەکاتێکدا؛ گوێسو ئەوانی تر (٢٠١٩) لەتوێژینەوەیەکدا ئەوەیان خستوەتەڕوو تەمەنو ئینتیمای سیاسیی ئاماژەیەکە بۆ هەڵسوکەوتی هاوبەش لەدەرئەنجامی کاریگەریی هەواڵی ساختەوە (Guess et al., 2019).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ٢-٣: بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە

ڕێگاکـــان بـــۆ بەرەنگـــاربوونەوەی هەواڵـــی ســـاختە جۆراوجـــۆرن: لەپـــاڵ چێککردنـــی راســـتو دروســـتی هەواڵەکـــان، گەڕان بەدوای رەگوریشـــەی ســـەرچاوەی زانیـــارییە ســـاختەکانو بێبەهاکردنیـــان لەڕێـــی ئاشـــکراکردنی روی راســـتەقینەی ئەو ســـەرچاوانەوە ڕێگـــایەکی تـــرە. بـــۆ بەرەنگـــاربوونەوەی هەواڵـــی ســـاختە، ئاشـــکراکردنی ســـەرچاوەی ســـەرەکیو شـــێوازەکانی هەواڵە ســـاختەکان لەڕێـــی سۆشـــیال میـــدیاوە کارێکی گرنگە(Mele et al., 2017).

لێـرەدا چەنـد ڕێگـایەک بـۆ بەرەنگـاربونەوەی هەواڵـی سـاختە دەخەیـنەڕوو؛ یەکەمیـان پشتبەسـتن بەتوانـا مەعریفیەکـانی تاکەکـان(Allcott and Gentzkow, 2017; Jang and Kim, 2018). بەڵام ئەم ئاراسـتەیە روبەڕوی رەخـــنە بـــوەتەوە لەبەرئەوەی بەرپرســـیارێتیەکەی خســـتوەتە ئەســـتۆی کەســـانێک کە رەنـــگە هێنـدە شـارەزانەبن لە روداوەکـان تـا راسـتو دروسـتیان لەیەک جیـابکەنەوەو پاسـاودەداتە دەرکەوتنـی ئەم هەموو سەکۆئۆنلاینەی رۆژانە وەکو قارچک هەڵدەتۆقین(Mihailidis and Viotty, 2017).

هەنگـاوێکی تـر؛ چێکـردنەوەی ئەو هەواڵانەیە لەڕێـی پرۆسێسـی فاکـت چـێکەوە بەجۆرێـک بەکـارهێنەرانی سۆشـیال میـدیا ئاگـاداربکرێنەوە لەوەی فـلانە چیـرۆکە هەواڵ سـاختەیەو رەنـگە دروسـتکراوبێت بـۆ مەرامێکـی دیـاریکراو لەسـاتێکی دیـاریکراو. ئەمەش دەکرێـت لەڕێـی دروسـتکردنی هەنـدێک پەیجـی بـۆ نمـــونە فەیســـبوکەوە بێـــت وەکـــو هەنـــدێک میکـــانیزمی ئەلگـــۆریزمی هەیە کە لەهەنـــدێک ســـایتدا بەکاردەهێنرێـت بـۆ لێکجیـاگردنەوەی ئەو وێنـانەی دەسـتکاریی دەکـرێن لەسـەر بنەمـای هەنـدێک وێـنەی تـر. نمـوونە سـایتی (https//:tinyeye.com). لەباشـوری کوردسـتان هەنـدێک هەوڵـی تـاکە کەسـیی هەیە. لەکـاتی کـۆکردنەوەی داتاکـانی ئەم تـوێژینەوەیەو چـاوپێکەوتن لەگەڵ هەنـدێک رۆژنـامەنوس زانـرا کە پەیجێـک لەفەیسـبوک دروسـتکراوە بەنـاوی (پەیجـی بـڕوامەکە) بـۆ ئاگـادارکردنەوەی بەکارهێنـانی فەیسـبوک لەو هەواڵانەی لەئەکاونـتو پەیجەکـان پۆسـتکراون. توێژینەوەکـان دەریانخسـتوە ئەم شـێوازە لە بەرەنگـاربونەوەی هەواڵە سـاختەکان کـاریگەرییەکی زۆرو سـنورداری هەیە ( Bernhard and Dohle, 2015).

ڕێگـای سـێیەم؛ دیـاریکردنی سـەرچاوەی هەواڵە سـاختەکانو خۆپاراسـتنە لە پشتبەسـتن بەو زانیارییـانەی لەو سـەرچاوانەوە بڵاودەبێـتەوە (Ma et al., 2016)، گەرچـی ناسـاندنی ئەو کەسـانەی لەپشـت ئەو پەیـجو ئەکاونتانەوەن کارێکی ئاسان نییە.

لەپـــاڵ ئەم هەنگـــاوانە، سۆشـــیال میـــدیا جۆراوجۆرەکـــانیش هەنـــدێک ڕێکاریـــان گرتـــوەتەبەر بـــۆ بەرەنگـاربوونەوەی هەواڵـی سـاختە. بـۆ نمـوونە؛ فەیسـبوک کێشـەکانی پەیوەسـت بە هەواڵـی سـاختەی ناســـاندوەو کاردەکـــات بـــۆ چارەســـەرکردنی. هەنـــدێک دەستپێشـــخەری لەو رووەوە خســـتوەتەڕوو لەوانە پـــرۆژەی رۆژنـــامەوانی فەیســـبوک (the Facebook Journalism Project)و دەستپێشـــخەری تەواوکـــاریی هەواڵ (the News Integrity Initiative). ئەوە لەکاتێکـدا تـویتەر راشـکاوانە هەڵوێسـتی خـۆی سـەبارەت بەهەواڵـــی ســـاختەو زانیـــاریی چەواشـــەکارانە راگەیانـــدوەو بڕیاریـــداوە نەبێـــتە حوکمـــدەر لەســـەر راســـتییەکان، بەڵکـو شـارەزایانو بەکـارهێنەرانی پلاتفـۆرمەکە شانبەشـانی یەک تویـت دەکەنو زانیـارییە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ناراستەکان راست دەکەنەوەو ریگریدەکەن لەچەواشەکاریی. بەرپرسانی کۆمپانیاکە بەردەوام جەخت دەکەنەوە لەوەی هەرچەندە تویتەر راستەوخۆ شەڕی چەواشەکاریی و هەواڵی ساختە ناکات بەڵام ریکار دەگریتەبەر بەرامبەر هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەو لەو چوارچێوەیەدا بەملیۆنان هەژماری داخستوە(Verison, 2021).

بەپێچەوانەی میدیای کلاسیکیەوە کە لەزۆربەی بارەکان، رۆژنامەنووسان خۆیان دەپاریزن لەبڵاوکردنەوەی زانیاریی بەبێ ئاماژەدان بەسەرچاوەی هەواڵو زانیارییەکانیان لەبەرئەوەی هەواڵەکانیان زۆر بەهادار نابێت ئەگەر ئاماژە بەسەرچاوە نەدەن و لەزۆرینەی حاڵەتەکانیشدا ناوی کەسو شوێنەکان ئاشکرادەکرێن. بڵاوکردنەوەی هەواڵە ساختەکان لەزۆربەی حاڵەتەکان لە رێی سۆشیال میدیاوە بەبێ پشتڕاستکردنەوە یان پشتبەستنە بەسەرچاوەیەکی هەواڵی.

خاڵێکی تر کەوای کردوە، دۆزینەوەی سەرچاوەی سەرەکی هەواڵە ساختەکراوەکان کارێکی ئاسان نەبێت ئەوەیە، لەمیانی پرۆسەی هاوبەشیکردن (شێرکردن)و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیاوە ناوەرۆکی زانیاریی میدیاییەکان دەستکاریی دەکرێت؛ کورت دەکرێتەوەو بەپێی ویستو مەرامی ئەو کەسەی زانیارییەکان بڵاودەکاتەوە، چەند رستەیەک یان چەند وشەیەکی لێدەردەهێنرێتو لەکۆنتێکستی دەقەکە بەتەواوی دادەماڵرێت. بۆ نموونە ئەو تویتانەی لەرێی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە بڵاوکراونەتەوەو کراونەتە سەرچاوەی هەواڵی ساختە چەندین جار دەستکاریی ناوەرۆکەکانیان کراوە لەماوەی پرۆسەی دووبارەو چەند بارە بڵاوکردنەوەدا ( Jang ael., 2018).

## ٣-میتۆدو سامپڵی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی گەڕان یان لێکۆڵکارییە (Exploratory study) بەو پێیەی توێژەرەکان هەوڵیانداوە تانوپۆی دیاردەیەکی نوێو سەرنجڕاکێشی وەکو دیاردەی هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیای کوردیدا بخەنەڕو. هەرچەندە توێژینەوەی ئێکسپلۆرەتری لە سۆشیال سایسندا بەچەندین جۆر پێناسەکراوە، یەکێکیان ناساندنیەتی وەکو هەوڵێک بۆ ئاشکراکردنی وردەکاریی دیاردەیەک ( swedberg, 2018) ئەمەش ئامانجی هەردوو توێژەرە لەسازدانی ئەم توێژینەوەیەو فۆکەس گرووپ ئینتەرڤیو بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان. بۆئەو مەبەستە فۆکەس گرووپێک لەپێنج میدیاکار لەباشووری کوردستان پێکهێنراوە.

پشتبەستن بەو زانیارییانەی لەمیانی گفتوگۆ لەگەڵ بەشداربووانی فۆکەس گرووپەکەو بەکۆکردنەوەی داتای چۆنایەتی توێژەران هەوڵیانداوە رادەی بڵاوی دیاردەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردیو سیماو خەسڵەتەکانیو ئامانج لەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەو شێوازی بەرەنگاربوونەوەیان ئاشکرابکەن. بۆ ئەو مەبەستە ئەم پرسیارانە ئاراستەی بەشداربووانی فۆکەس گرووپ ئینتەرڤیوەکە کراوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پرسیاری یەکەم: ئاستی بڵاوی هەواڵی ساختە لەپلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەهەرێمی کوردستان چەندە؟؟

پرسیاری دووەم: خەسڵەتەکانی هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیا چییە؟

پرسیاری سێیەم: ئامانجەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیا چین؟

پرسیاری چوارەم: ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبونەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیا چین؟

## ٤-شیکردنەوەی داتا

داتاکانی ئەم توێژینەوەیە لە جۆری کوالیتەتیڤەو چاوپێکەوتنە بەشێوەی فۆکەس گروپ. چەند پرسیارێک ئاراستەی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکە کراوەو ئەوانیش بەپێی شارەزایی خۆیان وەڵامیان داوەتەوە. بەشداربووانی فۆکەس گروپ ئینتەرڤیوەکە گروپێکی پێنج کەسین لەکەسانی شارەزا لەبواری میدیاو چەندین ساڵ ئەزمونی کارکردنیان هەیە.

بەشداربووان بریتیین لە شوان محەمەد سەرنووسەری سپی میدیا، سۆران عەلی ڕاگەیاندنکار لەسایتی پیوکەی میدیا، هەستیار قادر سەرپەرشتیاری پەیجی "بڕوامەکە" کە تایبەتە بە ڕاستکردنەوەی هەواڵی ساختەو ڕاهێنراوی میدیای ئەکادیمی ئەڵمانیو سایتی نیقاش بۆ ئاشکراکردنی هەواڵی ساختەو ڕاستکردنەوەی، ئەرسەلان ڕەحمان ڕاگەیاندنکارو ١٥ ساڵ ئەزموون لەبواری ئێدیتۆری، بەرهەم عومەر ڕۆژنامەنووسو خاوەن ئەزموونی چەندین ساڵ کارکردنو سەرپەرشتیکردنی دیجیتاڵ میدیا.

دوابەدوای نوسینەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە، توێژەران بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی داتای توێژینەوەکە سیماتیک ئەنالیزیان بەکارهێناوە. بۆئەو مەبەستە هەردوو توێژەر تێکستی چاوپێکەوتنەکەیان شیکردوەتەوە.

لەشیکردنەوەی داتای کوالیتەتیڤ بەشێوەی سیستماتیک ئەنالیزە، سەرەتا توێژەران تێکستەکە پۆلێن دەکەن بۆ ژمارەیەک کۆد کە بەکۆدی سەرەکی (Primary Code) ناودەبرێتو هەڵهێنجراوی تێکستەکەیە لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەبابەتی توێژینەوەکەوە. پاشان کۆدە لەیەکچوەکان پۆلێن دەکرێن لەژێر سیماتیک بەپێی لەیەکچوونیان لە ڕوی ماناو واتاوە.

لەسەر ئەو بنەمایە، لەقۆناغی یەکەمی شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکە، توێژەران ئەم کۆدە سەرەکییەیانەیان دوای چەندین جار خوێندنەوەو پێداچونەوە بەتێکستی چاوپێکەوتنەکە دیاریکرد.

کۆدە سەرەکییەکان: دیاردەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی، تایبەتمەندی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی، مەرامەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیاکان، مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ هەواڵی ساختە، بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە، هەلومەرجی زیادبوونی هەواڵی ساختە، سیماکانی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی، فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە، کێ لەپشت بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەوەیەوە، نادیاریی سەرچاوە، ئەو ماڵپەڕو پەیجانەی هەواڵی ساختە بڵاودەکەنەوە، سیماو خەسڵەتەکانی هەواڵی ساختە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەقۆناغی دووەمدا؛ توێژەران کۆدە سەرەکییە لەیەکچووەکانیان لەژێرناوی چەند سیماتیکێکدا پۆلێن کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

| سیماتیک (Thematic) | کۆدی سەرەکیی(Primary Code) |
|---|---|
| دیاردەی هەواڵی ساختە | دیاردەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی |
| | هەلومەرجی زیادبوونی هەواڵی ساختە |
| | فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە |
| سیماکانی هەواڵی ساختە | تایبەتمەندی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی |
| | سیماکانی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی |
| | سیماو خەسڵەتەکانی هەواڵی ساختە |
| | نادیاریی سەرچاوە |
| ئامانجەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە | مەرامەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیا |
| | کێ لەپشت بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەوەیەوە |
| | ئەو ماڵپەڕو پەیجانەی هەواڵی ساختە بڵاودەکەنەوە |
| بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە | مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ هەواڵی ساختە |
| | بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە |

## ٥-ئەنجامەکان

وەکو لەخشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، سیماتیکە سەرەکییەکانی شیکردنەوە سیماتیکیەکەی دەقی چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپەکە سەبارەت بەدیاردەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی بریتین لە؛ دیاردەی هەواڵی ساختە، سیماکانی هەواڵی ساختە، مەرامی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەو بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە. وا لەخوارەوە، هەریەکێک لەو سیماتیکانە شرۆڤە دەکەین:

### ٥-١: دیاردەی هەواڵی ساختە

سەبارەت بەپرسی بەدیاردەبونی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی، زۆرینەی بەشداربوانی فۆکەس گروپەکە پێیانوایە، هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیای کوردی بوەتە دیاردە. بەو پێیەش لەباشوری کوردستان هاوشێوەی وڵاتانی جیهان ساڵ بەساڵ ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا جۆراوجۆرەکان لە زیادبوندایە. هۆکارەکانی بەدیادەربوونی هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیای کوردی دەگەڕێنەوە بۆ زۆری ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیاو نزمی ئاستی هۆشیاری میدیایی لای بەشی زۆری ئەو بەکارهێنەرانە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

*"ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستان و نزمی ئاستی هۆشیاری میدیایی لای بەشی هەرەزۆری ئەو بەکارهێنەرانە، زەمینەیەکی تەواو لەباری رەخساندووە بۆئەوەی بڵاوبوونەوەی ساختە هەواڵ تاڕادەیەکی زۆر پەرەبسێنێت و وەکو دیاردەیەکی بەرچاوی میدیایی دەربکەوێت، بەتایبەتی لە کاتی دروستبوونی تەنگژە و ئاڵۆزییە سیاسییەکان یان رووداوێکی گەورە یاخود پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردن یان رووداني کارەساتی سرووشتی" (سۆران عەلی)*

بەشداربوویەکی تری فۆکەس گروپ ئینتەرڤیوەکە لەو بڕوایەدایە مەبەست لەدروستکردنی زۆرینەی پەیجە نافەرمییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەیە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر.

*"زۆربەی پەیجە نافەرمییەکان بە مەبەست کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە دەکەن کە چەندین مەبەستی هەیە بەوپێیەش بێت دیاردەکە بەرەو پەرەسەندن دەڕوات نەک تەنها بوبێت بە دیاردە" (هەستیار قادر)*

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداربویەکی تری فۆکەس گروپەکە دڵنیانییە لەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردیدا بوبێتە دیاردە بەڵام لەو بڕوایەدایە لەسەر ئاستی وڵاتی عێراق هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیاکان بوەتە دیاردە.

*"لەسەر ئاستی عیراق ، هەواڵی ساختە دیاردەیە، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ناتوانم بڕیاربدەم لەوەی کە بووبێتە دیاردە" (شوان محەمەد)*

بەشداربووانی فۆکەس گروپ ئینتەرڤیوەکە لەو بڕوایەدان هەلومەرجی زیادبونی دیاردەی هەواڵی ساختە خۆی لەچەند بارێکدا دەبینێتەوەو ئەم دیاردەیە لەکاتی دروستبونی تەنگژە سیاسیەکاندا زیاتر دەردەکەوێت.

*"هەواڵی ساختە بووەتە بەشێک لەسۆشیال میدیای کوردی و بەشێوەیەکی بەرچاو بەتایبەتی لەکاتی رووداني تەنگژەو پرسە هەستیارەکانی ناوخۆو جیهان بەشێوەیەکی بەرچاوتر دەردەکەوێت" (ئەرسەلان رەحمان)*

جگە لە بڵاوکردنەوەی بەشێکی زۆری هەواڵە ساختەکان لەڕێی سۆشیال میدیاوە لەکاتی دروستبونی تەنگژەکاندا، بەشێک لەبەشداربووانی فۆکەس گروپ ئینتەرڤیوەکە دەرکەوتنی دیاردەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی دەبەستنەوە بەهەلومەرجی پرکێشەی میدیای کوردی لەوانە دەستڕانەگەیشتنی رۆژنامەنوسان بەسەرچاوەی زانیاریی‌و نەبونی میدیای نیشتمانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

*"شــەفافیەت نــیەو زانیــاری بە رۆژنامەنووســان نادرێــت، نەک هەر لەپەیجێکــی فەیکــدا، هەواڵێکــی ســاختە دروســـتدەکرێت، زۆرجــار لەمیــدیا فەرمیەکــانیش رۆژنــامەنوس بە ناچــاری دەکەوێــتە پێشــڕکێی پێــدانی زانیــاری‌و لە مــاڵپەڕو پەیجەکەیــدا زانیــارییەکی ســاختە بڵاودەکــاتەوەو دەکەوێــتە هەڵەوە" (شــوان محەمەد)*

*"نەبــونی میــدیای نیشــتمانی و میــدیایەکی ســتانداردو پابەنــدبوونی میــدیاکان بەبڕیــاری حزبەکــان یــان کەســایەتیە سیاســییە باڵادەســتەکانەوە.... دۆخێکــی وای دروســتکردوە کەســایەتییەکان‌و دامەزراوەکــان بــابەت و زانیارییەکــان لەسۆشــیاڵ میــدیا بــڵاودەکەنەوە.... سۆشــیاڵ میــدیا رۆڵێکــی گرنــگ دەبینێــت لەگەیانــدنی هەواڵ و زانیــاری لە ئاســتە ئاسـۆییەکەداو پـردی بەیەکەوە گرێـدان بەبـێ سانسـۆرێکی پێشـتر بڕیارلێـدراو..... بەهـۆی ئەو زۆنە نـیمچە پەراوێزخـراوەی لەناوچەکەمانـدا لەسـتانداردی سۆشـیاڵ میـدیادا بەڕێوەدەچێـت کۆمپانیاکــانی وەکــو فەیســبوک و تــویتەر... هتــد بەشــێوەیەکی ســتاندارد مــامەڵە لەگەڵ ئــای پــی و یوزەرەکانمــان نــاکەن، هەروەهــا بەهــۆی نەبــونی هۆشــیاریی ریپــۆرتکردنی بــابەتە فەیــک و یــوزەرە بێناسنامەکان.... ئەم ناوچەیە زیاتر کەوتۆتە ژێرکاریگەری هەواڵی ساختەوە". (بەرهەم عومەر)*

### ٥-٢: سیماکانی هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیای کوردی

هەواڵــی ســاختە لەسۆشــیال میــدیای کــوردی گەرچــی بەشــێکی گــرنگە لەکــاری بڵاوکــردنەوەی هەواڵــی ناڕاســـتو چەواشـــەکارانە بەڵام چەنـــدین تایبەتمەنـــدی هەیە کە پەیوەســـتە بە شـــێوازی داڕشـــتن‌و فەرامۆشـــکردنی بەهاکـــانی هەواڵ‌و کـــۆلاجکردنی وێـــنەو شـــێواندنی نـــاوەرۆکی دۆکیۆمێنـــتو پێکهـــاتەی ڤیدیۆکان. تایبەتمەندییەکی تریشی پەیوەستە بەنادیاریی سەرچاوەی هەواڵەکەوە.

"*لە ســیما هەرە دیارەکــانی هەواڵــی ســاختە لە سۆشــیال میــدیای کــوردی پشتبەســتنیەتی بە بڵاوکــردنەوەی ڤیــدیۆ و فۆتــۆی دەســتکاریکراو لەوانە بڵاوکــردنەوەی وێــنەی ســاختە و دەســتکاریکراوی ســەرکردە و کەســایەتی و هونەرمەنــدانی دیــار یــاخود ڤیــدیۆی کــۆن* و بەکارهێنــانی لە رووداوێکــی نوێــدا یــان دەســتکاریکردنی دەنگــی قســەکەر. ســاختەکردن یــاخود دەســتکاریکردنی بەڵگەنــامە و دۆکیــۆمێنتی رەســمی و بڵاوکــردنەوەی وەکــو بەڵگەیەکــی راســتەقینە یەکێکــی تــرە لەو ســیمایانە.... لە خەســڵەتەکانی دیــکەی هەواڵــی ســاختە لە سۆشــیال میــدیای کــوردی، نادیــاری ســەرچاوە یــاخود ســەرچاوەی لاواز و بێمتمــانەیە، زۆربەی ئەو هەواڵە ســاختانەی لە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکــان بڵاودەکــرێنەوە ســەرچاوەکانیان نادیــارە یــاخود پشت بە سەرچاوەی نا فەرمی و لاواز دەبەستریت" (سۆران عەلی)

"هەواڵەکە دوورە لە راســتیەوەو بنەمــا زانســتیەکانی هەواڵــی تێــدا نــیە... رەگەزەکــانی هەواڵ‌و بەهــای هەواڵی تێدا نیە، تەنها لەوانەیە سەرنجراکێشی بێت" (شوان محەمەد)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

*"سەرچاوەیان روونن ییەو وەرگر بەئەستەم درک بەسەرچاوەیان دەکات.. ناو بەناو لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی نوێ دەردەکەون.... دارشتنیان لاوازەو بەدانەپاڵ یان بەناوی سەرچاوەی وەهمی بڵاودەکرێنەوە... وێنەکان دەستکاریکراون، گرتەکان مۆنتاژکراون و دەقی وتەکان بەجۆرێک وەرگیراون مانایەکی دیکە بگەیەنن" (ئەرسەلان رەحمان)*

## ٣-٥: ئامانجەکانی پشت بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە

بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی مەبەستو مەرامی جۆراوجۆری لەپشتە، کارێکی هەرەمەکی نییە بەڵکو وەکو بەشداربووانی فۆکەس گروپەکە ئاماژەیان پێدا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەمیدیاکارانی حزبەکانو نزیک لەو حزبانەوە برەوی پێدەدرێت. ئامانج لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لایەنی سیاسیو ئایدلۆژی هەیەو بەشێکە لەشەڕی میدیایی لایەنەکان کە سۆشیال میدیا گۆڕەپانەکەیەتی. ئەوە لەکاتێکدا بەشێکی ئەو هەواڵە ساختانەی لەسۆشیال میدیاکان لەباشوری کوردستان بڵاودەکرێنەوە، مەرامی شەخسیو بەرژەوەندی کەسیی لەپشتە. هەندێکجاریش مەرامی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە رەهەندی ئابورییو بازرگانیی هەیە.

*"بەشێکیان سیاسین کە پەیجە سێبەرەکانی حیزب و کارەکتەرە سیاسییەکان پەنای بۆ دەبەن لە چوارچێوەی جەنگی دەرونیا....جۆرێکی تر مەبەستی ئایدۆلۆژییە کە گروپە ئاینییەکان یان دژە ئاینییەکان وێنەو ڤیدیۆ و هەواڵی ساختە لەدژی ئایدلۆژیای بەرانبەریان بەکاردەهێن.... مەبەست لەجۆرێکی تری کۆکردنەوەی لایک و بەهێزکردنی ئەکتیڤی پەیجە کۆمەڵایەتیەکانەو زۆر جار ئەمانە پەنادەبەن بۆ پۆستکردنی هەواڵی کۆمەڵایەتی ساختە بەئامانجی راکێشانی سەرنجی بەکارهێنەران" (هەستیار قادر)*

*"ئەو هەواڵە ساختانەی لە سۆشیال میدیادا بڵاودەبنەوە، بەپلەی یەکەم مەرامی سیاسییان لەپشتەوەیە، مەبەست لێی هێرشکردنەسەر هێزێکی سیاسی یاخود ناوەندێکی سەر بەو هێزە سیاسییەیە یان شکاندن و تەشهیرکردنە بە کەسایەتی و بەرپرس و سەرکردەیەکی ئەو هێزە سیاسییە، جگە لەوەش شکاندنی هونەرمەند و کەسانی دیار و بەناوبانگ و لێدان لە پێگەیان بەشێکی ترە لە بابەتی هەواڵە ساختەکانو ئەم جۆرەشیان پێموابێت پاڵنەری سیاسیی لەپشتیەتی....هەندێک کات مەبەست لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە شەڕی ئابووری و ململانێی بازرگانییە کاتێک ئەو دیاردەیە بەکاردەهێنرێت بۆ شکاندنی کۆمپانیایەک یاخود کاڵایەکی بازرگانی دیاریکراو" (سۆران عەلی)*



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ٥-٤: بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە

بڵاوکــردنەوەی هەواڵــی ســاختە بەو پێــیەی مەرامــی جۆراوجــۆری لەپشــتە، کاریگەرییەکــانی فرەڕەهەنــدە، ئەمەش مانــای وایە بەرەنگــاربوونەوەی دەبێــت لەگۆشــەنیگای جۆراوجــۆرەوە بێــت کەئەوەش لەســەرو بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

لەگەڵ ئەوەشــدا مــامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووســان لەگەڵ هەواڵــی ســاختەو شــێوازی بەرەنگــاربوەنەوەی لەلایەن ڕۆژنامەنووســـانەوە بە ڕای بەشـــداربوونی ســـامپڵی ئەم تـــوێژینەوەیە چەنـــد شـــێوازێک لەخۆدەگرێـــت هاوشـــێوەی شـــێوازەکانی بەرەنگـــاربوونەوەی هەواڵـــی ســـاختە وەکـــو ئەوەی لەو توێژینەوانەدا خراونەتەڕو کە لەناو کۆمەڵگای ترو لەوڵاتانی تر کراون‌و لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

ڕێگــا جۆراوجۆرەکــانی بەرەنگــاربونەوەی هەواڵــی ســاختە جۆراوجــۆرن هەر لەبەرزکــردنەوەی ئاســتی هۆشــیاری میــدیاکاران تــا دەگــاتە ئاشــکراکردنی ئەو پەیــچو ئەکاونتــانەی کاروپیشــەیان بــوە بە بڵاوکــردنەوەی هەواڵــی ســاختە بــۆ چەنــدین مەرام. هەرچەنــدە مــامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووســان لەگەڵ ئەم دیــاردەیە چەنــدە بەرپرســیارانەو پرۆفیشــناڵانە بێــت، ناتوانێــت بەتەواوی ڕێگــری لــێ بکــات یــان کــۆنترۆڵی بکــات لەبەر ئەوەی دیــاردەکە بەپــلەی یەکەم پشــت بە میــدیای نــوێ دەبەســتێت کە خەڵکــانێکی زۆر لە ئاستە جیاوازەکان بەکاری دەهێنن لەگەڵ ئەوەی هۆشیارییەکی میدیایی ئەوتۆیان نییە.

*"ڕۆژنامەنوســان لەهەرێمــی کوردســتان، ئێســتا دەبێــت زیــاتر لەهەر کاتێــک ســەرقاڵی خۆپێگەیانــدن بــن بــۆ ڕووبەڕوبــونەوەی لێشــاوی هەواڵــی ســاختە..... بەردەوام دەبێــت لەڕێگــای خــول و پرۆگرامــی پێشــکەوتوەوە خۆیــان فێــری هەنــدێک ئــامراز بــکەن کەبەشــێک لەفەیــک نیــوز ئاشــکرا دەکــات..... چیتــر کــاری میــدیایی کــارێکی تــاکە کەســی نییە، وەکــو ئەوەی هەر کەســێک لەئەکــاونتی تــایبەتی خــۆی هەواڵێــک بڵاودەکــاتەوە... بەڵکــو ئیتــر هەواڵ کــاری دەســتە جەمعیــیەو بەرپرســیارێتییەکی بەکــۆمەڵە..... دەبێــت ڕۆژنامەنوســان کــار بــۆئەوە بــکەن کەزانیــاریی نــاو سۆشــیاڵ میــدیا وەکــو ســەرەداوی زانیــاریی مــامەڵەی لەگەڵ بــکەن نەک حەقــیقەت... دواتــر بەفلــتەری ڕاســتاندنیدا بــبەن‌و، دواتــر بڕیــاری بڵاوکــردنەوەی بــدەن" (بەرهەم عومەر)*

*"بەرزکــردنەوەی هۆشــیاری میــدیایی لەلای خەڵکــی ئاســایی کە زۆریــنەی بەکــارهێنەرانی ئینتەرنێــت و سۆشــیال میــدیا پێکــدەهێنن، لە پێشــەوەی ئەو خــاڵە گرنگــانە دێــت کە پێویســتە ڕۆژنامەنووســان و میــدیاکاران بــۆ بەرەنگــاربوونەوەی ســاختە هەواڵ بگــرنەبەر.... دەبێــت ڕۆژنامەنووســان و میــدیاکاران‌و ناوەنــدە میــدیاییە ســەنگین و جێباوەڕەکــان هەر زانیــاری و هەواڵێکــی ناڕاســت بڵاودەبێــتەوە بەشــێوازێکی پرۆفیشــناڵانە و پیشــەییانە ڕاســتییەکەی بڵاوبــکەنەوە.... ئەمە جــگە لە بــایەخی دەســتپێکردنی هەڵمەتــی بەرفــراوان و بەردەوام لەلایەن دامەزراوە و وێبســـایتی ئەلیکترۆنـــی هاوســـەنگ بـــۆ هۆشـــیارکردنەوە و بەئاگاهێنـــانەوەی خەڵـــک لە ڕاســـتی و دروســـتی ئەو زانیـــاری و هەواڵە جێبایەخـــانەی بڵاودەکـــرێنەوە و*


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

*ڕاستكردنەوەی هەر ناڕاستی و چەواشەكاری و ساختەكارییەک تێیاندا. هەروەها دروستكردنی سایت بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو هەڵانەی بە ئەنقەست یاخود نەزانانە بەسەر میدیادا تێپەڕەبن. بەگشتیش پێویستە مامەڵەی ڕۆژنامەنووس و میدیاكارانی كوردستان لەگەڵ ئەم دیاردەیە لەدوو بواردا بێت ئەوانیش؛ بواری مرۆیی و بواری تەكنیكی" (سۆران عەلی)*

*"مامەڵەكردن لەگەڵ هەواڵی ساختە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە بە پلەی یەكەم پیادەكردنی وردبینییە بەر لە بڵاكردنەوەی هەر بابەتێک یان سێرچكردنە بۆ ڕاستی بابەتەكە كە لەروی تەكنیكی و ڕۆژنامەوانییەوە دەبێت لێی دڵنیا ببنەوە بەر لە بڵاوكردنەوەی و ئەگەریش زانرا ساختەیە خوێنەر لە ڕاستیەكەی ئاگادار بكەنەوە" (هەستیار قادر)*

### ٦-دەرئەنجام

هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای كوردی بووەتە دیاردە، چەند هەلومەرجێک كە بەشێكیان زادەی خودی میدیای كوردییە هاوكارن لەدەركەوتن‌و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە. هەندێكیان ڕەهەندی یاساییان هەیە كەخۆی دەبینێتەوە لەدەستڕانەگەیشتنی ڕۆژنامەنوسان بەسەرچاوەكانی زانیاریی بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەنێو تۆڕەكانی سۆشیال میدیا بەخێرای دەستاودەستیان پێدەكرێت. ئەمە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە كە بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای كوردی بەبەرنامەو بۆ مەرامی تایبەت دەكرێت. لەشكرێک لەمیدیاكارانی حزبەكان‌و میدیاكانی سێبەر كاردەكەن بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختە بە مەرامی جۆراوجۆر. لەسەرو هەموشیانەوە مەرامی سیاسییە. ئامانج لێی هێرشكردنە سەر حزبە نەیارەكان‌و كارەكتەرە سیاسییەكانە بەمەبەستی تەشهیرو ناوزڕاندنیان. بەجۆرێک بووەتە بەشێک لەو شەڕی ڕاگەیاندن‌و دەرونییەی لەباشوری كوردستان هەیە. هەر كاتێک تەنگژە سیاسییەكان هەڵكشان، لێشاوی بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختەش لەهەڵكشاندا دەبێت.

شەڕی ئایدۆلۆژی‌و ئەنگێزەی ئایینی‌و ئەنگێزەی نەتەوەیی‌و ڕەگەزپەرستی مەرامێكی تری پشت بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختەیە لە سۆشیال میدیای كوردی. كە ئامانج لەبڵاوكردنەوەی هەواڵە ساختەكان خزمەتكردنە بە ئایدۆلۆژیاكان‌و بەزۆری ئەنگێزەی ئایینی لەپشتیانەوەیە، وەک ئەو هەواڵە ساختانەی لەبارەی شەقبوونی زەوی، بومەلەرزە، دیاردە سرووشتییەكان ڕوویانداوە یان ڕوودەدەن یاخود ئەنگێزەی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی لەپشتیانەوەیە، وەک ئەو هەواڵە ساختانەی لەبارەی ناكۆكی نێوان پێكهاتە سیاسییەكانی عێراق لەئاراداییەو لەئەنگێزەی نەتەوەییەوە كار بۆدێوانەدنی پێكهاتەی عەرەب، یان شیعەو سوننە دەكرێت. یاخود ئەو هەواڵە ساختانەی لەبارەی ململانێی كوردو تورک لەتوركیاو سووریا بڵاودەكرێنەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕەهەنــدێكی تــری هەواڵــی ســاختە لەسۆشــیال میــدیای كــوردی ئــابووریی‌و بازرگــانییە. مەبەســت لە بڵاوكــردنەوەی بــۆ شــكاندنی كۆمپانیــایەك یــاخود كــاڵایەكی بازرگــانی دیــاریكراوە لەگەڵ دۆزیــنەوەی بازاڕە بۆ هەندێك كەلوپەل و كاڵا.

مەبەســتێكی تــری بڵاوكــردنەوەی هەواڵــی ســاختە، كــۆكردنەوەی لایــك و زیــادكردنی ئەكتیڤــی پەیــج‌و ئەكاونتەكــانی سۆشــیال میــدیاكانە. لەكاتێكــدا مەبەســتێكی تــری بڵاوكــردنەوەی هەواڵە ســاختەكان، هەوڵــدانە بــۆ كــۆكردنەوەی ســەرنجی خەڵــك لەســەر بــابەتێكی دیــاریكراو، ئەمە بەتــایبەتی كاتێــك ڕوودەدات كەلایەنێكــی سیاســی یــان كۆمپانیــایەك ڕووبەڕووی ئابڕووچونێــك یــان ســكاندالێك دەبــنەوە، بەزۆری بەكــارهێنەرانەی سۆشــیال میــدیاكان بــابەت‌و پۆســت لەو بــارەیەوە بــڵاودەكەنەوە، بــۆ گــۆڕینی ســەرنجی خەڵك، هەواڵێكی ساختە بڵاودەكرێتەوە بۆئەوەی ڕای گشتی بەئاڕاستەیەكی دیكەدا ببرێت.

مەبەســتێكی تــری بڵاوكــردنەوەی هەواڵــی ســاختە گەرچــی دەكرێــت، لەمەودایەكــی بەرتەســكدابێت بەبەراورد بەلێشــاوی ئەو هەواڵە ســاختانەی بڵاودەكــرێنەوە لە سۆشــیال میــدیای كــوردی بــۆ ئەو مەرامــانەی لەســەرەوە ئاماژەیــان پێكــرا ، ئەوەیە زۆر جــار فــیگەرو كەســایەتییەكان هەواڵــی ســاختە لەســــەرخۆیان بـــڵاودەكەنەوە (بەتــــایبەتی گــــۆرانیبێژە نوێیەكـــان و خـــانمە نمایشــــكارەكان و هونەرمەندەكان...هتــد)، بــۆئەوەی زهنیەتــی بەكــارهێنەرانی سۆشــیال میــدیا ئامــادەبكەن بــۆ ئەو هەواڵەی پاشتر بڵاوی دەكەنەوەو تیایدا بەرهەمێكی خۆیان دەخەنەڕوو.

بڵاوكــردنەوەی هەواڵــی ســاختە لەسۆشــیال میــدیا بــۆ هەر مەرامێكــی لەوانە بێــت كە لەســەرەوە باســمان كــردن، بەپــلان‌و ئامادەكــاریی‌و بەئاگــاییەوەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێــت، كە ئەو كەس‌و لایەنــانەی لەپشــت بڵاوكــردنەوەی هەواڵە ســاختەكانەوەن بەمەبەســت‌و بەئاگــاییەوەو بەبەرنــامە كــار بــۆ چەواشــەكردنی خەڵــك دەكەن بەخــراپ ســودوەرگرتن لەو كەلێــنە یاســایی و ئیتیــكو پیشــەییانەی لەكــاری ڕۆژنــامەگەریی لەباشوری كوردستان هەیە.

لەپــاڵ ئەو نــیەت‌و مەبەســتە فرەڕەهەنــدییەی لەپشــت بڵاوكــردنەوەی هەواڵــی ســاختەوەیە، لەگەڵ ئەوەشــدا دەكرێــت ڕۆژنامەنوســان لەچەنــد لایەنــێكەوە كــار بــۆ بەرەنگــاربوونەوەی دیــاردەی هەواڵــی ســاختە بــكەن لەسۆشــیال میــدیای كــوردی. گەرچــی هاوشــێوەی فــرە ڕەهەنــدی مەرامەكــانی پشــت بڵاوكــردنەوەی هەواڵــی ســــاختە، پێویســــتە ڕووبەڕووبــــونەوەی ئەو دیــــاردەیە بەدژەئاراســــتەی مەرامەكــــان، ڕەهەنــــدی یاســــایی‌و ئــــابووریی‌و بڵاوكــــردنەوەی هۆشــــیاریی‌و ســــازدانی هەڵمەتێكــــی ئاشــــكراكردنی ســــەرچاوەی هەواڵە ساختەكان لەخۆ بگرێت.

بــۆ بەرەنگــاربوونەوەی دیــاردەی هەواڵــی ســاختە لەسۆشــیال میــدیای كــوردی، دەكرێــت وێــڕای بەرزكــردنەوەی ئاســتی هۆشــیاریی تاكەكــان لەچــۆنیەتی مامەڵەكردنیــان لەگەڵ تەكنەلۆژیــای نــوێی زانیــاریی‌و ئەو بــڕە زۆرەی زانیــاری كە لەڕێــی سۆشــیال میــدیاكانەوە بڵاودەكــرێنەوە بــۆئەوەی بەكــارهێنەران نەبــنە نێچیرێكــی ئاســانی ئەو كەس‌و لایەنــانەی بەمەرام‌و بەبەرنــامە چەواشــەیان دەكەن لەڕێــی بڵاوكــردنەوەی هەواڵــی ســاختە؛ ڕۆژنامەنووســان دەتــوانن توانــاو شــارەزاییان بەگەڕبــخەن بــۆ ناســاندنی ئەو دیــاردەیە لە كــۆڕو ســیمینارو كــۆنفرانس و بڵاوكــردنەوەی ڕێنمــایی بــۆ هانــدانی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕۆژنامەنووسـان بـۆ پابەنـدبوون بە پرنسـیپە پیشـەییەكان و بڵاوكـردنەوەی هۆشـیاری میـدیایی و گەیانـدنی بەزۆرتـرین ژمـارەی خـوێنەری ئاسـایی. هاوكـات بەسـودوەرگرتن لەتەكنەلۆژیـای نـوێی بڵاوكـردنەوەی زانیـاریی‌و بە ئاراسـتەیەكی ئاسـۆیی لەگەڵ ئەو هەوڵەی لەجیهـان بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی هەواڵـی سـاختە هاتۆتەئـاراوە لەشـەڕی دژی (Fake news)و كۆمپانیـا زەبەلاحەكـانی وەكـو فەیسـبوك‌و تـویتەر پێشـەنگن لەو شـەڕەدا، لەباشـوری كوردسـتانیش ڕۆژنامەنووسـان دەتـوانن لەبـواری تەكنیكـیش بەرەنگاریی دیاردەی هەواڵی ساختە ببنەوە.

بـواری تەكنیكـی واتە هەر هەوڵێـك بـۆ دروسـتكردنی سـایت و پـێگەی تەكنۆلـۆژی بـۆ پشـكنین و چێككردنـی هەواڵ‌و ڤیـدیۆو فۆتـۆو زانیـاری و پشتڕاسـتكردنەوەی ڕاسـتی و دروسـتیان بەتـایبەتیش ڤیـدیۆ و فۆتـۆ كە چەواشـەكاران بەزۆری پەنایـان بـۆ دەبەن و سـوپای ئەلیكترۆنـی هەن بـۆ دزەپێكردنـی هەواڵ و زانیـاری هەڵبەسـتراو و ناڕاسـت. تەنـانەت دەكرێـت لەڕێـی دروسـتكردنی هەنـدێك پەیـج‌و ئەكـاونتەوە ڕاست‌و دروستی هەواڵەكان بۆ بەكارهێنەران بخرێتەڕوو.

بـۆیە هەرچەنـدە بنەبڕكردنـی دیـاردەی هەواڵـی سـاختە لەسۆشـیال میـدیا قورسـە، بەڵام كەمكـردنەوەی كاریگەرییەكانی و سنووورداركردنی تاڕادەیە لە توانادایە.

## ٧-ڕاسپاردە بۆ توێژینەوە لەداهاتوو

دیـاردەی هەواڵـی سـاختە بەتـایبەتی لەمـڕۆدا كە تان‌وپۆكـانی بەچەنـدین‌و ئاراسـتەیەو فـرە ڕەهەنـدە دەكرێـت لەچەنـد لایەكەوە لێـی بكـۆڵرێتەوە. دیـاردەی هەواڵـی سـاختە لەسۆشـیال میـدیا بەتەنیـا ڕەهەنـدی میـدیایی نیـیە. بەڵكـو ڕەهەنـدی یاساییشـی هەیە. تـوێژەران لەم لایەنەشـەوە دەتـوانن تـوێژینەوە بـكەن لەسـەر چـۆنیەتی مـامەڵەكردنی یاسـایی تەندروسـت لەگەڵ ئەو دیـاردەیەو ئەو كەلێـنە یاسـاییانەی خـراپ قۆسـتراوەتەوە بـۆئەوەی سۆشـیال میـدیا بكـرێتە چەكێكـی جەنگـی دەرونـی و ململانێـی نێـوان لایەنە سیاسـییەكان‌و شـكاندن‌و تەشـهیركردن بەكـارەكتەرە حزبـی‌و كۆمەلایەتییەكـان. چـۆن دەكرێـت خەڵكـی كوردسـتان بەباشـترین شـێوە سـود لەسۆشـیال میـدیا وەربگـرن بـۆ پیـادەكردنی مـافی بەدەستڕاگەیشـتنی زانیـاریی‌و هەواڵـی دروسـت بەو شـێوەیەی لە بەڵگەنـامەی نەتەوە یەكگرتوەكانـدا هـاتوە، چەنـد بـوارێكی ژیارییە بۆ توێژینەوە لەلایەن توێژەرانەوە بەجیاوازیی دیسپلینی خوێندن‌و پسپۆڕییانەوە.

كـاریگەریی نەرێنـی بڵاوكـردنەوەی هەواڵـی سـاختە بەتـایبەتی لەڕێـی سۆشـیال میـدیاوە ڕەهەنـدی ئـابوریی‌و بازرگانیشـی هەیە. لەڕێـی بڵاوكـردنەوەی هەواڵـی سـاختەوە لەنێوبـانگی كۆمپانیاكانیـان‌و كـاڵا بازرگانییەكـان دەدرێـت.. لەو نێوانەشـدا ڕۆژانە لێشـاوێك لەزانیـاریی نادروسـت لەبـارەی كـاڵاو شـمەكەكانەوە بڵاودەكـرێنەوە كەهـیچ پشتڕاسـتناكرێتەوەو بەكـارهێنەران چەواشـە دەكـرێن بـۆ مەرامـی سـاغكردنەوەیان‌و دەسـتكەوتنی قـازانج. بـۆیە تـوێژینەوە لەسـەر هەواڵـی سـاختە لەم بوارەشـدا كـایەكی تـری تـوێژینەوەیە لەداهـاتودا لەبـارەی دیـاردەی هەواڵـی سـاختە هەم لە ڕوی جەنـگ دژی كۆمپانیـاو براندی كاڵاكان بەمەبەست‌و بەبەرنامە یان چەواشەكردنی بەكاربەران‌و پێدانی زانیاریی ناڕاست.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Fake News in Social Kurdish Media in Kurdistan Region

**Nawzad Sadiq Muhammad**
Media Technical Department, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnial University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** nozadsm@spu.edu.iq

**Kamil Omer Sleman**
Media Department, Humanities college, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Kamil.sleman@univsul.edu.iq

## Abstract:

Fake news becomes a phenomenon in the Kurdish social media. The easiness of use and the political and social environmental crisis of northern Kurdistan besides non-professional dealing by a number of journalists worsen the situation. Despite the fact that fake news does not stemmed from the modern technology of information and the advent of using media for psychology and propaganda war but, the easiness of accessing social media makes the online platforms to be the main mediums of disseminating fake news.
The openness of northern Kurdistan towards new communication technology and the semi-freedom of journalistic working and partisan activities help this part of the world to be a spot area for spreading fake news phenomenon; which became an interesting topic for many scholars around the world mainly after the presidential elections of United States of America in 2016.

In this exploratory study, focus group interview used for collecting data and thematic analysis approach adopted for analysing it. Results show that spreading fake news through the Kurdish social media becomes a prevailing phenomenon. Various political and economy purposes can be identified behind disseminating fake news. Adding to increasing activity of variety of pages and accounts created with this respect through different names.

Although of prevailing of the phenomena, a number of procedures can be taken in order to put a line for common of the phenomena including covering fake news through creating parasite account and pages and detecting the source of such piece of information.

**Keywords**: Fake News, Social Media, Political Crisis, Kurdistan Region, Mis-information, Confrontation.

## سەرچاوەكان:

Abbasi, Ahmed, Zhu Zhang, David Zimbra, Hsinchun Chen, and Jay F. Nunamaker Jr. 2010. “Detecting Fake Websites: The Contribution of Statistical Learning Theory.” MIS Quarterly 34 (3): 435–461.

Allcott, H., & Gentzkow, M. (2017). Social media and fake news in the 2016 election. Journal of Economic Perspectives, 2(31), 211e236. https://doi.org/10.1257/ jep.31.2.211

Allcott, Hunt, and Matthew Gentzkow. 2017. “Social Media and Fake News in The 2016 Election.” Journal of Economic Perspectives 31 (2): 211–236. doi:10.1257/jep.31.2.211.

Watson, A. (2020). Fake news worldwide - Statistics & Facts, available from: http:// www.statista.com/topics/6341/fake-news-worldwide/#dossierSummary (Accessed 20th May 2021).

Bernhard, U., & Dohle, M. (2015). Corrective or confirmative actions? Political online participation as a consequence of presumed media influences in election campaigns. Journal of Information Technology & Politics, 12(3), 285e302. https:// doi.org/10.1080/19331681.2015.1048918.

Bradshaw, S., & Howard, P. N. (2018). Challenging truth and trust: A global inventory of organized social media manipulation. The Computational Propaganda Project.

Cantril, Hadley. 2005. The Invasion from Mars. Princeton, NJ: Princeton University Press.

Colliander, J. (2019). “This is fake news”: Investigating the role of conformity to other users’ views when commenting on and spreading disinformation in social media. Computers in Human Behavior, 97, 202–215.

Guess, A., Nagler, J., & Tucker, J. (2019). Less than you think: Prevalence and predictors of fake news dissemination on Fءءءءacebook. Science Advances, 5(1), eaau4586.

Jang, S. M., & Kim, J. K. (2018). Third-person effects of fake news: Fake news regulation and media literacy interventions. Computers in Human Behavior, 80, 295e302.

Ma, J., Gao, W., Mitra, P., Kwon, S., Jansen, B. J., Wong, K. F., et al. (2016). Detecting rumors from microblogs with recurrent neural networks (pp. 3818e3824). In IJCAI.

Marcus, Joyce. 1993. Mesoamerican Writing Systems: Propaganda, Myth, and History in Four Ancient Civilizations. Princeton, NJ: Princeton University Press

Mattiuzzi, C., & Lippi, G. (2020). Which lessons shall we learn from the 2019 novel coronavirus outbreak? Annals of Translational Medicine, 8(3), 48.

Mele, N., Lazer, D., Baum, M., Grinberg, N., Friedland, L., Joseph, K., et al. (2017). Combating fake news: An agenda for research and action. https:// shorensteincenter.org/wp-content/uploads/2017/05/Combating-FakeNewsAgenda-for-Research-1.pdf.

Mihailidis, P., & Viotty, S. (2017). Spreadable spectacle in digital culture: Civic expression, fake news, and the role of media literacies in “post-fact” society. American Behavioral Scientist, 4(61), 441e454. https://doi.org/o0r.g1/107.171/ 0770/02007267462412717700112 17.

Pennycook, G., Cannon, T. D., & Rand, D. G. (2017). Implausibility and illusory truth: Prior exposure increases perceived accuracy of fake news but has no effect on entirely implausible statements. Available at: SSRN https://ssrn.com/ abstract¼2958246.

S. Mo Jang, Tieming Geng b , Jo-Yun Queenie Li a , Ruofan Xia b , Chin-Tser Huang , Hwalbin Kim, Jijun Tang. (2018). “A computational approach for examining the roots and spreading patterns of fake news”: Evolution tree analysis. Computers in Human Behavior, 84 (2018) 103-113.available on: https://doi.org/10.1016/j.chb.2018.02.032

Richard Swedberg. 2018. Does Speculation Belong in Social Science Research?, Sociological Methods & Research, 47,3:1–30.

Thorson, Emily. 2008. “Changing Patterns of News Consumption and Participation.” Information, Communication and Society 11 (4): 473–489. doi:10.1080/13691180801999027.

Verizon.2021. A Guide to Misinformation: How to Spot and Combat Fake News, available from: http:// www.verizon.cominfo/technology/fake-news-on-social-media (Accessed 20th May 2021).

Wardle, Claire. 2017. “Fake News.” It’s Complicated. https://medium.com/1st-draft/fake-newsits-complicated-d0f773766c79.